# گەڕان بەشوێن زانستدا فەرزە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئەحمەدی کوڕی عبدالرحمن کوڕی قودامەی المقدسي

**وەرگێڕانی:** عەلی عەبدوڵڵا حەسەن

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ طلب العلم فريضة ﴾

« باللغة الكردية »


أحمد بن عبد الرحمن بن قدامة المقدسي

ترجمة: علي عبد الله حسن

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

# گەڕان بەشوێن زانستدا فەرزە

ڕیوایەتکراوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) کە فەرموویەتی : " طلب العلم فريضة على كل مسلم "{فەرموودەیەکی حەسەنە بەهەموو ڕیگاکانیەوە، ئیبنوماجة ڕیوایەتی کردووە ٢٢٠، هەروەها ئیمام ئەحمەدیش لە ( العلل ) دا} واتە : گەڕان بەشوین زانست و زانیارییدا فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك .

{ فەرمودەیەکی حەسەنە بەڕێگاکانی ئیبن ماجە /٢٢٠/ ئیمامی ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردووە لە ( العلل ) دا.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ووتی: خەڵکی ناکۆکن وجیاوازی ڕایان هەیە لەوەدا، زانایانی ( الفقه ) دەڵێن : ئەوە زانستی فقهە، چونکە بە زانستی فقهە حەڵاڵ وحەرام دەناسرێ، زانایانی تەفسیر وفەرمودە دەڵێن: ئەوە زانستی کیتاب وسونەتە، چونکە بە هۆی ئەوانەوە خەڵکی دەگەنە هەموو زانستە کانی تر، سۆفیەکانیش دەڵێن : ئەو زانستە زانستی دڵپاکی و ( الإخلاص ) دەردو پەڵکانی دەرونە، زانایانی زانستی کەلامیش دەڵێن : ئەو زانستە زانستی کەلامە ( علم الكلام ) چەندین ڕاوبۆچونی تریش کە جێی ڕەزامەندی نین، لە ڕاستیدا ئەو زانستە زانستی سەوداکردنی بەندەیە بۆ پەروەردگاری خۆی، ئەو سەوداکردنەیش ( المعاملة ) کە خودا کردویەتیە ئەرك دەکرێ بەسێ بەشەوە:بیرو باوەڕ وکردن و وازلێهێنان.

کاتێ منداڵ پێگەیی وگەورە بوو یەکەم شتێ لەسەری پێویست دەبێ فێر بونی دوو کەلیمەی شەهادەتەو تێگەیشتنی ماناکەی ئەگەر بەڵگە ونیشانەشی بۆ باس نەکرد، چونکە پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) هەر بەوە کەعەرەبەکان ڕوایان هێناوە وازی لێ هێناون وبێ ئەوە فێری بەڵگە ونیشانەیان بکات ئەوە ئەرکێکی کاتی بووە، پاشان دەبێ تێڕامان وباسی نیشانەکان بکرێ، ئەگەر کاتی نوێژهات دەبێ فێری دەست نوێژوو نوێژ ببێت خۆ ئەگەر تا مانگی ڕەمەزان نەمردو لە ژیاندا مایەوە دەبێ فێری ڕۆژوگرتنیش ببێت وە ئەگەر ماڵ وسامانی هەبوو ساڵی بەسەردا تێپەڕی دەبێت فێری زەکات دانیش ببێ، وە ئەگەر کاتی حەج هات وتوانی حەج بکات دەبێ حەجیش بکات، بەڵام وازلێهێنانی ( الترك ) ئەویش بەپێی ڕودانی ئەو

شتانەیە لەو کاتانەدا، کەواتە پێویست نیە لەسەر نابینا فێری حەرام کردنی سەیر کردنی ئەو شتانە بکرێت کە قەدەغە کراون و پێویست نیە کەسێکی لاڵ فێری ئەوە بکرێت کە قسەی حەرام نەکات ئەگەر لە وڵاتێکدا خەڵکی ئارەقیان دەخواردەوە وپۆشاکی ئاوریشمیان لەبەر دەکرد دەبێ فێری ئەوە بکرێت ئەوانە حەرامن.

بەڵام بیرو باوەڕ : ئەویش بە پێی پێویست دەزانرێت، خۆ ئەگەر کەسێ گومانی کرد لە ومانایەی کە ووشەی شەیەتومان نیشانەیە لەسەری، دەبێ فێر بکرێ هەتا دەگاتە ئەو حاڵەی گومانەکەی دەڕەوێتەوە، وەئەگەر لەوڵاتێکدا بیدعەی زۆر تێیدا بڵاوەی کردبوو، دەبێ فێری حەق بکرێت، وەك چۆن لە وڵاتێکدا سوو خۆری بڵاوەی کرد بوو دەبێ فێری خۆ پاراستنی لێ بکرێت، وەدەبێ فێری ڕوابون بە زیندوو بونەوە وبەهەشت وجەهەنم

بکرێت، ئەوەی کەباسمان کردمەبەست فێربوونی ئەو زانستەیە کە فەرزی عەینە ( فرض العین ) کەپێویستە وئەرکە لەسەر مرۆڤ بەڵام فەرزی کیفایە ( فرض الکفایة ) هەموو زانستێکە کە خەڵکی بێ نیاز نین لێی لە کاروباری دونیادا، وەك پزیشکی ، چونکە زۆر پێویستە بۆ پارێزگاری تەندروستی لاشەو گشت ئەندامەکانی، وەك زانستی ماتماتیك ( الحساب ) کە زۆر پێویستە بۆ دابەش کردنی میرات وڕاسپاردە وزۆر شتی تریش ، ئەم زانستە ئەگەر لە وڵاتدا کەسێ نەمێنێ پێی هەستێ دەبێتە کێشە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە، ئەگەر کەسێ ببێ بەو کارە هەستێت ئەو فەرزە لەسەر خەڵکەکەی لادەچێ ونامێنێ، باکەس سەری سوڕ نەمێنێ لەوەی کە دەیڵێین: زانستی پزیشکی وحساب فەرزی کیفایەیە، بێگومان بناغە وبنەڕەتی گشت

پیشەسازیەکان دیسان فەرزی کیفایەن وەك جوتیاری وڕستن، بەڵکو کەڵەشاخ گرتنیش هەر فەرزی کیفایەیە، ئەگەر کەسێ نەبێ شارەزای کەڵەشاخ گرتن بێ لەوڵاتدا خەڵکی توشی لەناو چون دەبن، چونکە ئەو کەسەی کە دەردو نەخۆشی داوە بۆ بەکار هێنانی بەڵام ڕۆچون لەوردەکاریەکانی حساب ووردەکاریەکانی پزیشکی ڕەنگە پێویست نەکات ( منیش دەڵێم : ڕۆچون لەزانستی تەندروستیدا وزانستەکانی بونەوەردا ـ الكونية ـ فەرزی کیفایەی پێویستە لەسەر موسوڵمانان زۆر چاك شارەزا ببن تێیدا، بۆ ئەوەی سود مەندبن لە دەرەنجامە سودو چاکەکانی کە دەبێتە هۆی خێروبێر وهێزو توانای موسوڵمانان، ئەمانەیش هەر بەئیسلام وزانست دەتوانرێت بەدەست بێت، هەر شتێك بەهۆی ئەوەوە نەبێ پێویستیەك ـ واجب ـ تەواو نەبێ ئەو شتە

خۆیشی پێویسته ـ واجبه (ما لا یتم الواجب إلا به فهو واجب ).

وادیاره ئەمه قسەی ئیبن قودامەی مەقدیسی بێت ـ والله أعلم ـ.

هەندێ زانست دروست وڕەوایه وەك زانستی شیعرێك كه خراپەی تێدا نەبێت مێژو هەواڵ وبەسەرهاتی هەندێ زانستیشی هەن كەحەرامن وەك جادوو یان ئەو نوسینانەی كه جادوكەر بەكاری دەهێنێ ووادەزانێ هەموو شتێكی خراپ لادەبات وچاوبەس وفڕوفێڵ كردن، بەڵام زانسته شەرعیەكان هەمو چاكن ودەكرێن بەم بەشانەوه :

١ـ سەرچاوەكان ٢ـ لقەكان ٣ـ پێشەكیەكان

٤ـ زانسته تەواو كەرەكان

مەبەست لەسەرچاوەكان قورئان وفەرمودەكانی پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت) كۆدەنگی زانایان وپاشماوە بەجێماوەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)

لقەكان : بریتیە لەوەی كەلەسەرچاوەكانەوە وەردەگیرێ لەو مانایانە عەقڵ هەستی پێدەكات، هەتا لەو وشەوە كە دەوترێ یان هەر وشەیەكی تریش، شتی تریشی لێوەردەگیرێ، وەك لەم دەقەوە وەردەگیرێت، " لایقضي القاضي وهو غضبان" ( دادوەر فەرمان دەرناكات كاتێ كەتورەبێت ) { بوخاری/ فەرمودەی /ـ ٧١٥٨ـ / مسلم فەرمودەی/ـ٣٢٤١ـ}

وەفەرمانیش دەرناكات كاتێك برسی بێت .

پێشـەكیەكانیش ئەوانەن كە جێگەی ئامێرەكان دەگرنەوە، وەك زانسـت نەحو صەرف ئەم دوانە ئامێری ـ فێربونی قورئان وسـونەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسـەر بێت)

تەواو كراوەكانیش: وەك زانسـتی خوێندنەوە وشـوێنی دەرچونی پیتەكان ( مخارج الحروف ) یان وەك ناوی پیاوانی فەرمووده ودادپەروەری وهەڵسـوكەوتیان، ئەمانە زانسـتە شـەرعیەكانن.